**ئـــە نجـومـــەنـــی دادوەری**

**ژمـــارە : ٧ لـــــە ٢٠١٠/٧/١١**

# بــــــەيــــــان

پشت بەحوكمی مادده (٨) لەیاسی دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧) بڕیارماندا بە :-

**يەكەم :** دەست پێكردنی پشووی دادگاكانی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆماوەی (٣٠) سی رۆژ لەبەرواری ٢٠١٠/٧/١٥ .

**دووەم :** ئەو كێشانەی پەیوەندی بەكاروباری شارستانی و بازرگانی و باری كەسینەوە هەیەكە لەخوارەوە هاتووە بەكێشە و داوای بەپەلە دادەنرێن .

١- وەرگرتنی داوانامە ( عريضة الدعوى ) و گلدانەوەی سەرەتایی ( الحجز الاحتياطي ) و پێڕاگەیاندنی یاسایی .

٢- ئەو كێشە و پرسە بەپەلانەی دەروازەی دەیەم لەكتێبی یەكەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣ی ساڵی ١٩٦٩) دیاری كردوون .

٣- ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێكردنی بڕیارێك یا مامەلەیەكی تێدا دەكات .

٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە ( إستملاك )

٥- ئەو داوایانەی داوالێكراو قەدەغە دەكرێت لەچوونە دەرەوەی هەرێم .

٦- داوای مایە پوچ بوون ( افلاس ) و هەر داوایەكی تری لیٚ ی بكەوێتەوە .

٧- داوای هەڵگرتنەوە و لێك كرینەوە ( شفعە ) و پاكتاوكردنی وەقف وچۆڵكردنی بەكرێدراو .

٨- داواكانی تایبەت بەمافەكانی ئاودان و رێگەی جۆگە لەو سوولاوكەو هاتووچوون ( حقوق السقی و المجری والمسيل والمرور ) مافەكانی ارتفاق .

٩- داوای پاكتاوكردنی كۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .

١٠- داواكانی راستكردنەوەی تەمەن و ناو و نازناو .

١١- ئەو داوايانەی فەرمانگەی رەسمی يا نيمچە رەسمی و دەزگا گشتيەكان تيايدا لايەنە .

١٢- داواكردنی خەرجی بژێو ( نفقة ) و دايەنی ( حضانة ) و ديتنی منداڵ و رەچەڵەك ( نسب ) .

١٣- داواكانی سەلماندنی پێگەيشتوويی لێهاتوويی ( اثبات الرشد ) .

١٤- داواكانی لادانی سەركار ( قيم ) و پیێ سپێردراو ( وصی ) .

١٥- داواكانی دابەشكردنی ميرات و ئەو مامەڵانەی لێيان دەكەونەوە .

١٦- ئەو داوايانەی ياسايەك بەپەلەی دانابێت .

**سێيەم :** جگە لەو داوا و كێشانەی لەبڕگەی دووەمی ئەو بەيانە هاتوون , دادگا بۆی هەيە داوا لەماوەی پشووی داداگاكان ببينێت ئەگەر :

أ- بۆ دادگا دەركەوت لەدواخستنی داواكە زيان دەكەوێتەوە .

ب- هەردوو لايەنی داواكە داوای دادبينی لەكاتی پشووی دادگاكان بكەن .

ج- داواكە گەيشتبووە قۆناغی كۆتايی .

**چوارەم :** گشت مامەڵەكانی دادگا لەكاروباری ئاسايی خۆيان لەكاتی پشووی دادگاكان بەردەوام دەبن .

**ســــەرۆك**

**احمــــد عبدالله زوبــێر**